# پیرۆزبایی (چاک) بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

## بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

لە سەرەتاوە بە بۆنەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە پیرۆزبایی گەرمتان لێدەکەین, هیوادارین هەموو هێز و تواناکانی ئەم پۆستەتان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بخەنە کار. ئێمە سەربەخۆیی بە تاکە ڕێگای ڕزگاری یەکجاری گەلەکەمان لە جینۆسایدکردن دەزانیین . لێرەدا ئێمە ئەم هەلە دەقۆزینەوە و چەند داواکارییەک دەخەینە بەردەستی بەڕێزتان, هیوادارین بخرێنە بەرنامەی کاری ماوەی سەرکردایەتیتان بۆ هەرێمی کوردستان و جێبەجێیان بکەن .

- گرنگیدان بە ژیانی پاشماوەی قوربانییانی ئەنفال و کیمیاباران و بارزانی و فەیلییەکان و تەواوی قوربانییانی تر. داواکارین ژیانێکی شەرەفمەندانەیان بۆ دابین بکەن , قەرەبووی ماوەی ڕابردوویان بۆ بکەنەوە , تا ئێستا هیچ گرنگییەک بە ژیانیان نەدراوە لە کوردستان , بە تایبەتیش لە ناوچەی دەسەڵاتی پارتییدا, تا ئێستا هیچ هەنگاوێک نەنراوە بۆ دابینکردنی ژیانییان, کە جێی ڕەخنەیە بۆ هەموو لایەک .
- پاکسازیکردنی دەزگا حیزبی و حکومییەکانی کوردستان لە بەعسییەکان و نۆکەرانانی, لە جاش و فایلدارەکان .
- دادگاییکردنی تاوانباران , بە بێ جیاوازی .
- ئاشکراکردنی چارەنووسی بێسەروشوێنانی شەڕی ناوخۆ و قەرەبوکردنەوەی گشت زیانێکی ماڵی و مەعنەوی کە لە کەسوکاریان کەوتووە.
- دروستکردنی دەزگایەک بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە جینۆسایدی گەلی کورد , فدراسیۆنی داکۆکی لە گەلی کوردستان کە لە 12 ڕێکخراوی دژ بە جینۆسایدی خەڵکی کوردستان پێک هاتووە ببێتە ناوکی ئەو دەزگایە .
- گرنگی بدرێت لە بواری ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان و پەروەردەو تەندروستی بە ناوچەی قوربانییانی کارەساتەکان, لە کردنەوەی زانکۆ , نەخۆشخانە , جێگای نیشتەجێبوون و کارگە و گشت پێویستییەکانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی.
- پێویستە سنووری هەرێمی کوردستان بۆ تێکۆشەرانی هەموو پارچەکانی کوردستان پارێزراو بێت لە هێرشی داگیرکەران , یارمەتی مادی بە پەنابەرانییان بدرێت و لە سوکایەتی ڕزگار بکرێن.
- تەسکیە و تەسکیەکاری لە کاروباری دەزگا حکومییەکان نەمێنێت و جیاوازی لە نێوان هاووڵاتییانی کوردستاندا نەکرێت .
- مامەڵەتان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بنچینەی حیزبی نەبێت , یارمەتی حکومەت هەموو دەزگاو کۆمەڵەو لایەنەکان بێ هیچ قەیدو مەرجێک بگرێتەوە .

له كۆتاييدا هيواى سەركەوتنت بۆ دەخوازين و هيوادارين ماوەى سەرۆكايەتيت جيێى ڕەزامەندى پاشماوەى قوربانيیان و كوردى هەموو پارچەكانى كوردستان و تەواوى هاووڵاتييانى كوردستان بێت .

ناوەندى هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جينۆسايدى گەلى كورد –چاك

2005-6-14

www.chak.info chak_org@yahoo.com